پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر (ڕکاتە) تاکەکانی نوێژەکەی ئەنجامبدایە؛ هەڵنەدەستا هەتاوەکو لە دانیشتنیدا ڕێک وجێگیر دەبوو

لە مالیک کوڕی حوەیریسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری بینی -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر (ڕکاتە) تاکەکانی نوێژەکەی ئەنجامبدایە؛ هەڵنەدەستا هەتاوەکو لە دانیشتنیدا ڕێک وجێگیر دەبوو (ماوەیەکی کەم دادەنیشت پاشان هەڵدەستا)».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

لە سونەتی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەوە بوو ئەگەر بیویستایە لە ڕکاتی یەکەم بۆ ئەنجامدانی ڕکاتی دووەم یان لە ڕکاتی سێیەم بۆ ئەنجامدانی ڕکاتی چوارەم هەڵبسێت؛ بۆ ماوەیەکی کەم بە ڕێکی وجێگیری دادەنیشت پاشان هەڵدەستا، وئەم دانیشتە بە -جلسة الإستراحة- ناسراوە، واتا: -دانیشتنی پشوو وەرگرتن- ناسراوە، چەند گێڕانەوەیەک لە هاوەڵانەوە هاتووە -ڕەزای خوایان لێبێت- سەبارەت بە ئەم دانیشتنەی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10931